## سەرنج

# ئەی کێ بەرپرسیارە لەم تاوانە گەورەیە کە بەناوی ئیسلامەوە ئەنجامدەدرێت!

**فەلاح مرادخان شاکرم★**

بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقافو کاروباری ئاینی لە ڕوونکردنەوەیەکیدا لەبارەی چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەی **هاوڵاتی** ئەستۆپاکی وەزارەتی ئەوقافو کاروباری ئیسلامی لە بەرانبەر دیاردەی خەتەنەکردنی مێینە ڕادەگەیەنێتو لێدوانەکانی ئێمەو ئامارەکانی تایبەت بە خەتەکردنی کچان بە تۆمەتو گومانەوە سەیردەکاتو پێی وایە ئەم دیاردەیە بازاڕگەرمی پێوەدەکرێتو کێشەکە لەو ئاستەدا نییە، لە لێدوانێکیشدا بۆ ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست وەزیری مافی مرۆڤ ئەم دیاردەیە بە کێشەیەکی بچوك ناودەبات، تەنها لایەنی حکومی کە بە فەرمی دانی بەکێشەی خەتەنەکردنی مێینەدا ناوە بریتییە لە وەزارەتی تەندروستی کە لە چاوپێکەوتنێکی AFP بۆ یەکەم جار لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وەزیرێك باس لەوە دەکات کە ٦٠٪ ژنانو کچانی کوردستان خەتەنەکراون.

بەڕێز بەرپرسانی وەزارەتی ئەوقافو کاروباری ئاینی دڵنیام کە جەنابتان ئاگادارن بەپێی پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ خەتەنەکردنی مێینە تاوانەو ئەمڕۆ لە دونیادا هەڵمەتێکی جیهانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دیاردەیە لەئارادایە، لە جیهانی ئیسلامیدا بە هەرێمی کوردستانیشەوە ئەو دیاردەیە وەك سوننەتێکی ئیسلام ئەنجامدەدرێت، تەنانەت ناوی باوی خەتەنەکردنی کچان (سوننەتکردن)ەو چەندین بۆچوونی جیاوازو لێکۆڵینەوە لەسەر سوننەت بوونو نەبوونی لەئارادایە، هەربۆیە کاتی ئەوەیە جەنابتان وەك وەزارەتی کاروباری ئاینی ڕاشکاوانەتر قسەبکەن! بۆچوونی خۆتان هەبێت لەوبارەیەوە چونکە خەڵکی کوردستان بەئەنجامدانی ئەم کارە پێیانوایە سوننەتێکی ئاینی ئیسلام بەجێدەگەیەننو هەقوایە ئێوە لەڕێگای خۆتانو ئەو ژمارە ناکۆتایەی مەلایانی کوردستان کە پابەندییان بۆ ئێوەیە هەڵوێستتان لەسەر ئەم دیاردەیە هەبێت بە قازانجی ئەم خەڵکە کە تاکە سەرچاوەی شەرعیەتی دەسەڵاتە لەکوردستاندا.

سەبارەت بە ڕێکخراوی WADIو گومان خستنە سەر چالاکییەکانی ئەم ڕێکخراوە کە ماوەی ١٧ساڵە لەکوردستاندا کاردەکاتو لە سەختترین بارودۆخدا پاڵپشتی دۆزی مرۆڤو پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی بووەو لە هیچ بارودۆخێکدا ئامادەی سازش نەبووە لەسەر بۆچوونەکان وە هەر بەهۆی داکۆکیکردن لەچەند مەلەفێکی عێراقو کوردستان لە ئەوروپا چەندین ساڵە لەلایەن حکومەتی ئەڵمانیاوە هیچ پاڵپشتییەکی مادیی ناکرێت وە بەبەڵگەوە دەتوانم بۆ جەنابتی بسەلمێنم بەهۆی ئەوەی کە لەساڵی ٢٠٠٣ ئەم ڕێکخراوە پاڵپشتی ڕووخاندنی ڕژێمی سەدامو داکۆکی لە ئازادکردنی عێراقو دیموکراسی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرد لەلایەن ڕێکخراوێکی کۆمەکبەخشی جیهانی نیو ملیۆن یۆرۆی لێسەندرایەوە، هەربۆیە هەقوایە پێش ئەوەی تۆمەتی بازاڕ گەرمیمان بەسەردا بسەپێنن ئەوەش بزانن بۆ ئەم بازاڕەی جەنابت باسی دەکەیت حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەی سەرفکردنی یەك دینار نەبووەو چەندجارێك ئێمە لەڕێگەی وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ژنان داوای بەشداریکردنی مادیی حکومەتی هەرێمان کردووە، بەڵام هیچ بەرهەمێکی نەبوو، لەئاستی جیهانیشدا ئەمڕۆ لایەنە کۆمەکبەخشەکان بەچاوێکی زۆر گوماناوییەوە سەیری ئەو مەملەکەتانە دەکەن کە گەندەڵی باوترین دیاردەی ئاساییە تیایانداو پارەیەك کە بۆ خێرو سەدەقەو کاری مرۆڤدۆستانە کۆبکرێتەوە نایبەخشنە هیچ چالاکییەك لەو وڵاتانەدا وە جارێکی دیکەش بەبەڵگەوە بۆت دەسەلمێنم سەرجەم پرۆژەکانی خەتەنەکردنی مێینە کە لەلایەن ڕێکخراوەکەمان بەڕێوەدەبرێت بۆ ساڵی ٢٠٠٩ لە مەترسی ڕاگرتندایە بەهۆی نەبوونی سەرچاوەی مادیی!

سەبارەت بە گومانیشت لە ئامارەکانی خەتەنەکردنو بوونی ئەم دیاردەیە لە کوردستاندا پێم وابێت ئەم قسەیە هیچ بنەمایەکی نییەو هیچ کەسێك باوەڕ بەم قسەیە ناکات وە تۆماری خەتەنەکردنی کچان لە کوردستان لە چەندین لێکۆڵینەوەو نوسینو بەڵگەنامەو دۆکیومێنتو فلیمدا پارێزراونو دزێوترین وێنەش ئەوانە بوون کە لە ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست بڵاوکرانەوەو جارێکی دیکە هەموومانی هەژاندو ئەمڕۆ لە دونیای مۆدێرنو دەرەوەدا بەهۆی ئەم دیاردەیەوە کۆمەڵگەی کوردیو ئەفریقی یەك پێناسەیان بۆدەکرێت! ئێمە چەندین جار پەرلەمانمان لەم دیاردەیە ئاگادارکردووەتەوەو سەرجەم ئامارو بەڵگەکانی ڕێکخراوەکەشمان ئاراستەی لیژنەی داکۆکی لەمافەکانی ژنان لە پەرلەمان کراوەو فلیمێکی تایبەتی دیاردەی خەتەنەکردنی مێینەش لەناو هۆڵی پەرلەماندا نمایشکراوە بۆ ٤٠ ئەندام پەرلەمان.

دواجار بەوپێیەی کە بەڕێزیان خوێنەرێکی ڕۆژنامەی **هاوڵاتی**ن ئێمە بەڵێنیان پێدەدەین کە لە ژمارەکانی داهاتووی ئەم ڕۆژنامەیەدا چەندین ئاماری نوێ لەسەر ئەم دیاردەیە بڵاودەکەینەوە ئەوکات ویژدانی هەموولایەك سەنگی مەحەك بێت لەسەر ڕێژەو خەتەرناکی ئەم دیاردەیە لەکوردستانداو زۆر مەمنون دەبین کە هەر لایەنو کەسێك بتوانێت پێچەوانەی ئەم ئامارانە بسەلمێنێت، ئەو چالاکییانەش کە ڕێکخراوی WADI ئەنجامیداوە بۆ پاراستنی هەزارەها قوربانیو کەمکردنەوەی دیاردەی خەتەنەکردنی کچان شایەنی خەڵاتی جیهانییە! هەر ئەمساڵ لیژنەی مافی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەستخۆشیو سوپاسیان ئاراستەی ئەم ڕێکخراوە کرد.

سەبارەت بەوەی کە بۆچی هەمیشە پرسیار دەکرێت وەزارەتی ئەوقاف ڕۆڵی زیاتر بیبینێتو دەڵێن ئەی ڕۆڵی ڕێکخراوەکان چی بێت، من دەڵێم لە دەوڵەتێکی مۆدێرنو عەلمانیدا ڕێکخراوەکانو ڕاگەیاندنو دەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی سەرمەشقن، ئاینو دەسەڵاتیش هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نییەو وەزارەتێکیش نییە بۆ کاروباری ئاینی! بەڵام لێرە هەموو مینبەرەکان موڵکی ئێوەن، ئەگەر خۆشتان بە بەرپرس نەزانن لەئاست دیاردەی خەتەنەکردنی کچان کە تاوانەو وەك سوننەتێکی ئاینی ئەنجامدەدرێت لێرەدا هیچ نامێنێتەوەو دەبێت بپرسین ئەی کێ بەرپرسیارە لەم تاوانە گەورەیە؟

**سەرنج: ئەم نوسینە دەربڕی بۆچوونی تایبەتییە نەك ڕێکخراوەیی.**

**★ ڕێکخەری پرۆژەکانی ڕێکخراوی WADI لە عێراق.**